له سه‌قز كابرایه‌كی لێ بوو به‌ ناوی حه‌مه‌ ڕه‌مه‌زان، له‌ به‌ر سینه‌مادا فره‌تر ده‌رئه‌كه‌وت له‌ چه‌قی بازاڕدا و ئه‌و شوێنه‌ی وا می نێچیری فره‌تر بوایه‌ شوێنی ئه‌و خۆشه‌ویسته‌ بوو. عاده‌تی وا بوو كه‌ به‌ كه‌ناری ئافره‌تا كه‌ ده‌ڕۆشت ده‌ستێكی لێ ده‌خشان و ئه‌مه‌ كاكه‌ حه‌مه‌ی خه‌نی ده‌كرد

له‌ شاری ئۆتاواش براده‌رێكی كوردی باشووری لێیه‌ كه‌ زۆر حه‌زی له‌ ژنی كوردستانی ڕۆژهه‌ڵاته‌ و به‌ شێوه‌یه‌ك ده‌چێته‌وه‌ سه‌ر لفه‌كه‌ی سه‌قز

ئه‌م شیعره‌ به‌یانی كرداره‌كانی ئه‌و كاك عه‌به‌ ڕه‌مه‌زانه‌یه‌ و كه‌مێك چێژی ئینگلیسیشی تێدایه‌.

**<u>حه‌سه‌ن شافێعی</u>**

# عه‌به‌ ڕه‌مه‌زان

**كابرایه‌ك هه‌بوو له‌ شاری سه‌قز**
**زۆر حه‌زی ده‌كرد له‌ شتی نه‌رم و خز**
**هه‌ر به‌م به‌هانه‌ ده‌چوه‌ به‌ر بازاڕ**
**ده‌ی فرۆشت تیّغ و بنێشت و سیغار**
**وه‌زه‌نی نه‌بوو بۆ هیچ پیاوێ**
**پێی خۆش بوو به‌س خۆی له‌ ژن هه‌ڵ ساوێ**
**سینگی له‌ پێش و سه‌ر به‌ حه‌واوه‌**
**ده‌ستی ڕا ده‌ژه‌ند له‌ هه‌ر دوو لاوه‌**
**هه‌ر وه‌كوو پانكه‌ باڵی ده‌خولاوه‌**
**ده‌ی پێكا هه‌ر چی خڕ بوو له‌و ناوه‌**
**وێنه‌ی فرفره‌ به‌ باڵ ڕاوه‌شان**
**به‌ هه‌ر فێڵێ بوو ده‌ستێكی ده‌خشان**
**به‌م كاره‌ ئێجگار خه‌نی و ڕازی بوو**

له کۆڕی مێ گەل ، هەر خۆی قازی بوو

ناوی ئەم کەڵە ، حەمە ڕەمەزان
بە بینینی ژن ملی خۆی دەشکان
دیارەکەسی وەک خاڵە سەی حەمە
لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا کەمە
کە تا ئەو ڕادە ڕێز لە ژن بگرێ
ببێ بە قۆچ و سەری خۆی ببڕێ
هەر چەند ئەم زاتە ژنی هێناوە
بەڵام ئەو ڕەوتەی هەر تێ دا ، ماوە
هیچ دەربەست نی یە گەر کوێر و شەل بێ
بەو مەرجەی دایمە لە نێو مێ گەل بێ

ئێستاکە نەوعی ئا ئەو پیاوە
کاپی و پەیست بووە و وا لە ئۆتاوە
ئەم کەڵەی ئێرە ناوی عەبە یە
هێند مەمە خوازە ،دەڵێی بەبە یە
هەتا خوا حەز کات زمانی چەورە
فەرموودەی نەرمە وەک لۆکە و هەورە
تەلەفوون دەکات لە بۆ وان فۆڕ وان
بە زمانی شیرین زۆر نەرم و نیان

هەر کە تێ دەگات ئاشپەز فی مەیلە
ئەمجار داواکەی پڕ لە دی تەیلە
پێشکەشی دەکات داوا و سەلامی

حەواڵەی دەکات  سیحری کەلامی

توخوا بە پەنجەی شووش و سپی و سۆڵ

دوو پیزا ساز کە  بۆ منی کلۆڵ

هەویری تەسک و ساسی بێ لایت

تایبەت بە تەبعی، عەبەی ساتێلایت

هەتا دە خولەک  خۆم دەگەیەنم

هەم پارە و هەم دڵ هەر دووت بۆ دێنم

سەری بێ نرخم گۆی مەیدانی تۆ

منم  هۆگری پیزای جوانی تۆ

فەخرە لە لای من ئەگەر ساتێلات

دانێم بۆ هەموو کوردی ڕۆژ هەلات

میلی مەیلی من ، هەر بەرە و وێ یە

نازانم کوردی ئەو لا چی پێ یە؟

ئێستاکە  کە من وا بێ ژن ماوم

بۆ کوردی ئەولا  سەر لە پێناوم

تێ دەکۆشم تا  بە داوی دیشم

لەباری بکەم قۆناغی ئیشم

سەر دەکەم بە نێو هەموو ژوور و ماڵ

لەگەڵیان دەخۆم دوو پیاڵە چای تاڵ

دا دەمەزرێنم  بۆیان، ساتێلایت

هەواڵ دەپرسم لە ، نیوو فلایت

کێ تازە هاتووە بچمە سۆراغی

تا بەڵکوو بچنم گوڵێ لە  باغی

به کورتی عەبە هەوای ناو سەری
یەکسەر داویەتی لە پێش و بەری
هەتا بفەرمووی ، زمانی لووسە
بەس بیری لە لای گرتنی جووسە

هەر وەکوو ڕاوچی بناری کەس نەزان
خۆی حەشار دەدات عەبە ڕەمەزان
لەو نێچیرانەی وا تەرە ماون
لە کۆڕ و ڕەوەی خۆیان جێ ماون
تازە کوورەن و بێ ئەزموون و کاڵ
عەبە ڕەمەزان دەیان بات بۆ ماڵ

بۆیان ساز دەکا سفرە و خوانی خۆش
ئاواڵەی دەکا ، دەرگای ماڵ و کۆش
بەڵام هەر وەکوو کورتانی جەجاڵ
هەڵ دەووەشێت و لێی دەبێ بەتاڵ
وا بزانم بە هۆی کۆن بوونی داوە
هەتاکوو ئێستا بێ هاوسەر ماوە
هیوام وەهایە ، ئا لەم ئۆتاوا
عەبە ڕەمەزان بکەین بە زاوا
ئاگادار بکەین کامیونیتی کورد
هەوڵی بۆ بدەن زۆر بە دەست و برد
تا بەڵکوو بەختی ببێ ئاواڵە
نەجاتی ببێ لەو وەزع و حاڵە
ئێمەش ڕزگار بین لەو فرت و فێڵە
کە تووشی کردووین ئەو کەللە چێڵە

حەسەن شافێعی – ئۆتاوا ڕێکەوتی ١١ ی جوونی ٢٠٠٨-٠٦-١١

٢١ ی جۆزەردانی ٢٧٠٨